# (30) بەشی دادگایی و شایەتی

## ( 1 ) داوەریی بەرواڵەت دەکرێت

1002 عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (y)، زَوْجِ النَّبِيِّ (e): أَنَّ رَسُولَ (e) سَمِعَ جَلَبَةَ خَصْمٍ بِبَابِ حُجْرَتِهِ، فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ، فَقَالَ: ((إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ، فَلَعَلَّ بَعْضَهُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ مِنْ بَعْضٍ، فَأَحْسِبُ أَنَّهُ صَادِقٌ فَأَقْضِي لَهُ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ مِنَ النَّارِ، فَلْيَحْمِلْهَا أَوْ يَذَرْهَا)). [بخاري/ المظالم/ 2326]

لە(أم سلمة)ەوە، خێزانی پێغەمبەر (e) کە پێغەمبەر (e) گوێی لە قرەقرِی چەند کەسێکی ناکۆك بوو لە بەردەرگای ژوورەکەیدا، ئەویش هاتە دەرەوە بۆلایان و فەرمووی: ((دڵنیابن منیش هەر مرۆڤم کەسانی ناکۆك و کێشەدار دێن بۆلام، ڕەنگە هەندێکیان زمان پاراوتربن لە هەندێکیان، منیش بەڕاست گۆی بزانم و ماف بدەم بەو، جا هەرکەس بڕیارم بۆ داو مافی موسڵمانێکم دایێ ئەوە بادڵنیابێت کە من پارچەیەك لە ئاگری بۆ بڕیار دەدەم، دەبا هەڵی بگرێت یا وازی لێبێنێت)).

## ( 2 ) لاساری سەرسەخت

1003ـ عَنْ عَائِشَةَ (y) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (e): ((إِنَّ أَبْغَضَ الرِّجَالِ إِلَى اللَّهِ الأَلَدُّ الْخَصِمُ)). [بخاري/ المظالم/ 2325]

(عائشة) دەڵێ: پێغەمبەر (e) فەرموویەتی: ((بێگومانم لەو پیاوانەی کە خوا لە هەموو پیاوێکی دیکە زیاتر ڕقی لێیانە، ئەو پیاوانەن کە لە هەمووان زیاتر لاسار و سەرسەختن.

## ( 3 ) سوێندانی داوا لەسەرکراو (المدعى عليه)

1004ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (t) أَنَّ النَّبِيَّ (e) قَالَ: ((لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لَادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوَالَهُمْ، وَلَكِنَّ الْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ)). [بخاري/ التفسير/ 4277]

لە(أبن عباس)ەوە: کە پێغەمبەر (e) فەرموویەتی: ((ئەگەر خەڵکی بەپێی داوای خۆیان بیاندرێتێ ئەوا کەسانی ئەو تۆ هەن لافی سامان و خوێنی کەسانێکی دیکە لێدەدەن [بە ناحەق] بەڵام سوێند لەسەرداوا لەسەر کراوە)).

## ( 4 ) دادگایی كردن بەسوێند و شایەت

1005ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ): أَنَّ رَسُولَ ( e ) قَضَى بِيَمِينٍ وَشَاهِدٍ.

(أبـن عبـاس)( t ) دەڵـێ: پێغەمبـەر ( e ) بـە سـوێنێك و شـایەتێك دادگـایی كردووە.

## ( 5 ) دادوەرنابێت دادوەری بكات ئەگەر تووڕە بوو

1006ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْرَةَ قَالَ: كَتَبَ أَبِي وَكَتَبْتُ لَهُ إِلَى عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي بَكْرَةَ، وَهُوَ قَاضٍ بِسِجِسْتَانَ: أَنْ لَا تَحْكُمَ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَأَنْتَ غَضْبَانُ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ ( e ) يَقُولُ: ((لَا يَحْكُمْ أَحَدٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ)). [بخاري/ الأحكام/ 6739]

(عبـدالرحمن)ی كـوڕی (ابـو بكـرة)دەڵـێ: بـاوكم نامـەی نووسـی كـەمن بـۆم نووسـی بـۆ (عبيـدالله ی كـوڕی ابـو بكـره) قـازی سجـستان: لـەكاتی تووڕەییـدا دادگایی دوو كەس مە كە چونكە من لە پێغەمبـەرم ( e ) بیـستووە فەرموویـەتی: ((با كەس دادگایی دوو كەس نەكات ئەگەر تووڕە بوو)).

## ( 6 ) پاداشتی ئیجتهادی دادوەر بیپێكێ یان نەیپێكێ

1007ـ عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ( t ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ ( e ) يقول: ((إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ)).

(عمـرو)ی كـوڕی (عـاص)( t ) دەڵـێ: لـە پێغەمبــەرم ( e ) بیــستووە كــە دەیفـەرموو: ((ئەگـەر دادوەر دادگـایی كـرد وتێكۆشـا [بـۆ دۆزینـەوەی ڕاسـتی] پاشان پێكای ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە، بەڵام ئەگەر دادگـایی كـردو تێكۆشا و پاشان هەڵەی كرد ئەوە یەك پاداشتی بۆ هەیە)).

## ( 7 ) جیاوازیی موجتەهیدەكان

1008ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) قَالَ: ((بَيْنَمَا امْرَأَتَانِ مَعَهُمَا ابْنَاهُمَا جَاءَ الذِّئْبُ فَذَهَبَ بِابْنِ إِحْدَاهُمَا، فَقَالَتْ هَذِهِ لِصَاحِبَتِهَا: إِنَّمَا ذَهَبَ بِابْنِكِ أَنْتِ، وَقَالَتِ الْأُخْرَى: إِنَّمَا ذَهَبَ بِابْنِكِ، فَتَحَاكَمَتَا إِلَى دَاوُدَ فَقَضَى بِهِ لِلْكُبْرَى، فَخَرَجَتَا عَلَى سُلَيْمَانَ ابْنِ دَاوُدَ عَلَيْهِمَا السَّلَام فَأَخْبَرَتَاهُ، فَقَالَ: ائْتُونِي بِالسِّكِّينِ أَشُقُّهُ بَيْنَكُمَا، فَقَالَتِ الصُّغْرَى: لَا، يَرْحَمُكَ اللَّهُ، هُوَ ابْنُهَا. فَقَضَى بِهِ لِلصُّغْرَى)). قَالَ: قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَاللَّهِ إِنْ سَمِعْتُ بِالسِّكِّينِ قَطُّ إِلَّا يَوْمَئِذٍ، مَا كُنَّا نَقُولُ إِلَّا الْمُدْيَةَ.

(أبو هريرة)( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا دوو ژن کە هەریەکەیان کوڕێکی خۆیی لەگەڵ دەبێت گورگێك هات و کوڕی یەکێکیانی برد، ئەمەیان [کە کوڕەکەی براوە] بەوی تریانی وت: کوڕەکەی تۆی بردوە، ئەویش وتی: نەخێر کوڕەکەی تۆی بردوە، ئەویش وتی: نەخێر کوڕەکەی تۆی بردوە، ئینجا هەردووکیان کێشەکەیان بردە لای داود ئەویش مناڵەکەی دابە ژنە گەورەکەیان، ئینجا هەردووکیان چوون بۆ خزمەت (سليمان)ی کوڕی (داود) ( u ) و بەسەرهاتی خۆیانیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: ((چەقۆیەکم بۆبێنن تا [ئەم منداڵەی کە ماوە] بیکەم بە دوو کەرتەوە لە نێوانتانا، ژنە بچکۆلەکە وتی: نەء ، خوا ڕەحمت پێ بکا، ئەوە کوڕی ئەوە. ئیتر بڕیاری دا کە منداڵەکە بۆ ژنە بچوکەکە بێت)). دەڵێ: (أبو هريره) وتی:بەخوا ئەو ڕۆژە نەبێت نەمبیستووە کە بەچەقۆ [بە زمانی عەرەبی] بووترێت (سكين) ئێمە هەردەمان ووت: (مُدية).

## ( 8 ) دادوەر ناکۆکی لا دەبات

1009ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ ( t ) قال: قَالَ رَسُولُ الله ( e ): ((اشْتَرَى رَجُلٌ مِنْ رَجُلٍ عَقَارًا لَهُ، فَوَجَدَ الرَّجُلُ الَّذِي اشْتَرَى الْعَقَارَ فِي عَقَارِهِ جَرَّةً فِيهَا ذَهَبٌ، فَقَالَ لَهُ الَّذِي اشْتَرَى الْعَقَارَ: خُذْ ذَهَبَكَ مِنِّي، إِنَّمَا اشْتَرَيْتُ مِنْكَ الْأَرْضَ وَلَمْ أَبْتَعْ مِنْكَ الذَّهَبَ، فَقَالَ الَّذِي شَرَى الْأَرْضَ: إِنَّمَا بِعْتُكَ الْأَرْضَ وَمَا فِيهَا قَالَ: فَتَحَاكَمَا إِلَى رَجُلٍ، فَقَالَ الَّذِي تَحَاكَمَا إِلَيْهِ: أَلَكُمَا وَلَدٌ؟ فَقَالَ أَحَدُهُمَا: لِي غُلَامٌ، وَقَالَ الْآخَرُ: لِي جَارِيَةٌ، قَالَ: أَنْكِحُوا الْغُلَامَ الْجَارِيَةَ، وَأَنْفِقُوا عَلَى أَنْفُسِكُمَا مِنْهُ وَتَصَدَّقَا)).

لە(أبو هريرة)وە( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((پیاوێك زەویەکی لە پیاوێکی تر کڕی، لەزەویەکەدا کوپەیەك ئاڵتونی دۆزیەوە، ئەو پیاوەی زەویەکەی کڕی بوو بە فرۆشیارەکەی وت: وەرە ئاڵتوونەکەت بەرەوە چونکە من تەنها زەویەکەم لێکڕیوی نەك ئاڵتوون فرۆشیارەکەیش وتی: من زەویەکە و ئەوەی کە تێیدایە پێم فرۆشتووی، ئینجا دێن بۆلای پیاوێك تا چارەیان بکات ئەویش پێیان دەڵێ: منداڵتان هەیە؟ یەکێکیان دەڵێت من کوڕێکم هەیە ئەوی تریشیان دەڵێت: منیش کچێکم هەیە، ئەویش دەڵێ: دە کچەکە بدەن بە کوڕەکە و لەو ماڵە خەرج کەن بۆ هەردوولاتان و خێریشی لێبکەن)).

1010ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ ( t ): أَنَّ النَّبِيَّ ( e ) قَالَ: ((أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ الشُّهَدَاءِ؟ الَّذِي يَأْتِي بِشَهَادَتِهِ قَبْلَ أَنْ يُسْأَلَهَا)).

لە(زید)ی کوڕی (خالد)ی (جهنی)یەوە: کە پێغەمبەر ( e ) فەرموویەتی: ((ئایا پێتان بڵێم چاکترین شایەت کێیە؟ چاکترین شایەت ئەو کەسەیە کە شایەتیەکەی دەدات پێش ئەوەی داوای لێبکرێت)).

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com